Smittskydd Skåne

**سیل Tuberkulos ، زانیاری نەخۆش ٢٠٠٤/٧/١**

## زانیاری نەخۆش و شێوەی ڕێگاگرتن لە بڵاوبوونەوە. نامیلکەی خۆپارێزیی خۆپاراستنی پزیشکان

(Smittskyddsläkarnas smittskyddsblad)

### مرۆڤ چۆن تووش دەبێت؟

نەخۆشی سیل Tuberkulos بە هۆی بەکتریایەکەوە تووش دەبێت. بە زۆریی لەو ڕێگایەوە بڵاو دەبێتەوە کە مرۆڤ بەکتریاکان لەگەڵ هەوادا هەڵدەمژێت کاتێك کە کەسێکی تووش بوو بەو نەخۆشیە دەکۆکێت. کاتی نێوان ئەو دەمەی تووش دەبێت تا دەمی نەخۆش کەوتن دەشێت زۆر درێژ بێت.

### دەرمانی کاریگەر هەن

دەرمانی کاریگەر هەن دژ بە سیل هەن، بەڵام دەرمانەکان ڕاستوەخۆ کار تێ ناکەن. لەبەرئەوە ماوەیەك دەخایەنێت تا بە تەواوی لە مەترسیی تووشکردن دەردەچیت.
ئەوە گرینگە کە تۆ لەو ماوەیەدا خەڵکی دیکە تووش نەکەیت. ئاگادار بە - ئەوە گرینگە - کە دەرمانەکانت بە پێی پێگوتراو بخۆیت و هەموو بەشە دەرمانەکە بە جوانیی تەواو بکەیت. کاتێك کە ئیتر تۆ لە مەترسیی تووشکردن دەرباز بوویت بەگشتیی دەتوانیت تەواو ئاسایی ژیان بکەیت. بە زۆریی تۆ تەنها پێویستت بەوە هەیە کە دەمێکی کورت لە کار مەرەخەس بیت.
سیل بە نەخۆشیەکی بۆ کۆمەڵگا بە ترسناك دادەنرێت و ئێمە دەبێت ئەو ئازمایشە بکەین کە پێی دەگوترێت ئازمایشی تووشبوون دیاریکردن، بۆ ئەوەی کەسانی تووشبووی دیکە بدۆزرێنەوە. خێزانەکەت و ئەو کەسانەی دیکە کە بە زۆریی لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت دەکەیت بانگ دەکرێن بۆ ئازمایشی سیل و ئاساییانەش بۆ ئێکسرەی (ئەشیعەی) سیپەلك. تۆ ئەرکداری کە بەشداری لە ئازمایشی تووشبوون دیاریکردن بکەیت و ئەوانەش کە بانگ دەکرێن ئەرکدارن کە بێن بۆ ئازمایشەکە.

### تۆ دەبێت پێرەوی ئەم شێوانەی ڕێگاگرتن لە بڵاوبوونەوە بکەیت تا کەسانی دیکە تووش نەکەیت:

- تۆ دەبێت بۆ ئەو سەردان و ئازمایشانە بێیت کە دکتۆری چارەسەرت بە پێویستیان دەزانێت.
- بۆت نییە دەرمانەکان بگۆڕیت بێ ئەوەی لەگەڵ دکتۆری چارەسەرتدا قسەی لەسەر بکەیت.
- ئەگەر دەتەوێت دکتۆر بگۆڕیت ئەوا دەبێت ئەوە بە دکتۆری چارەسەرەکەت ڕابگەیەنیت.

### تا ئەو دەمەی بتوانیت تووش بکەیت دەبێت هەروەها ئەمانەش بکەیت:

- ژووری خەوتن لەگەڵ کەسی دیکە بەش نەکەیت.
- نابێت لەگەڵ منداڵی بچووك و ژنی سکپڕ، یاخود لەگەڵ کەسانێکدا کە دژ بەم نەخۆشیە نەکوترابن یان توانایەکی بەرگریی کەمیان هەیە، هاودەمیی بکەیت.

بۆت هەیە لە ماڵی خۆت و لە دەرەوە بیت، بەڵام بێ لە خێزانەکەی خۆت کەسی دیکە مەبینە و پێوەندی کەسیی مەگرە. میوان هەر بۆ ماڵ نەبەیتەوە باشە.

### تۆ ئەرکداریت کە پێرەوی یاساکان بکەیت

ئەو نەخۆشییەی کە تۆ تووشی بوویت بە پێی یاسای ڕێگاگرتن لە بڵاوبوونەوە بۆ هەمووان مەترسیدارە. لە لەبەرئەوە ئەرکداریت پێرەوی شێوەی ڕێگاگرتن لە بڵاوبوونەوە بکەیت کە دکتۆرەکەت دەداتێ. ئەگەر داوای بکەیت ئەوا دکتۆری ڕێگاگر لە بڵاوبوونەوە دەتوانێت دووبارە ئەو ڕێساگەلانەی ڕێگاگرتن لە بڵاوبوونەوە هەڵسەنگێنێتەوە. تا جۆرە هەڵسەنگاندنێکی وا دەکرێت و تەواو دەبێت، تۆ ئەرکداریی بە پێی ئەو یاسایانە هەڵسوکەوت بکەیت کە پێتگوتراوە. ناونیشانی دکتۆری ڕێگاگر لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لە هەرێکەکەتدا ئەمەیە: